# ژیانی خۆشی من




وەرگێڕانی لە زمانی سوێدییەوە: ڕەحمان سۆفی

ساڵی ٢٠١٩ی زایینی

# بەشی ١



شەو درەنگە، کەچی «دانێ» خەوی نایە. زۆرکەس هەیە، بۆ ئەوەی خەوی لێ بکەوێ لە یەکەوە دەژمێرن؛ تا خەوی لێ بکەوێ. بەڵام دانێ وا ناکا!

«دانێ» ئەو جارانە دەژمێرێ کە خۆشحاڵ بووە.



ئەو جارەی کە ئەو چکۆلە بوو«سوانتە»ی ئامۆزای قربۆقێکی پێدا بوو. زۆر خۆشحاڵ ببوو.

ئەو هەر وەها ئەو جارەش کە توانیبوو سێ دەور مەلە بکا، و نەخنکێ.



هەروا ئەو جارەش کە کۆڵەپشتییان بۆ کڕی بوو.

«دانێ» زۆری حەزی دەکرد، پایز دەچووە قوتابخانە. بەڵام هاوین درێژ بوو. «دانێ» چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەی دەکرد، کە زووتر دەست بە خوێندن بکا.



# بەشی ٢



کەچی ئەودەم کە دانێ بە ڕێی قوتابخانەوە بوو، پرسیاری لە خۆی دەکرد تۆ بڵێی چ ڕوو بدا؟

ئایا دەبێ لەوێ دانیشێ و تەنیا فێری خوێندن و بنووس بێ؟ ئەوخوێندن و نووسین لە پێش چوونە قوتابخانە؛ لە تەمەنی شەش ساڵاندا فێربووە هەندێک دەزانێ

لە باوکی پرسی «پێتوایە مامۆسکاکەمم خۆش بوێ؟»

باوکی گوتی «ئەرێ مامۆستاکەی خۆت خۆش دەوێ.

ئەی پێتوایە هاوپۆلەکانمم خۆس بوێ؟»

دنێ لەم پۆلە نوێیەدا منداڵەکانی دیکەی نەدەناسی.

لە پڕێکدا ترسێکی بە سەردا هات. بیری لەوە کردەوە

کە هیچ کەس نەبێتە هاوڕێی. . .



لە دڵی خۆیدا وای بەڵێن بدا، ئەگەر وابێ ئەو نایەوێ هەرگیز بچێتە ئەو قوتابخانەیە.

وەختێک دەچوونە ژووڕێ، گوتی«باوکە هیوادربین، باش دەبێ»

# بەشی ٣

لە بەر درگای یانەکەیان، مامۆستاکەیان وێستا بوو و منداڵەکانی بەخێرهاتن دەکرد.



کوڕێک مانی گرتبوو نەدەچووە ژووری، تا دایکی ٢٠ کرۆنی پێدا؛ جا کە چووە ژووری.



ئەو کاتەی کە هەموو لە سەر جێی خۆیان دانیشتن مامۆستاکەیان گوتی«بەخێرهاتن بۆ هەوڵین ڕۆژی قوتابخانە»

دوایە یەکە یەکە ناوی هەموویانی خوێندەوە.

ئەوانەی وا دەیانوێرا بە دنگی بەرز دەیان گوت «بەڵێ»

«دانێ» وێرای و گوتی «بەڵێ، بەڵام لەوانە بوو لە سەرخۆ بچێ.

دوایە قەڵم وکاغەزیان پێدان ناوی خۆیان بنووسن.

«دنێ» ناوی «دانییەلا»یە، کەچی نووسی «دنێ» یەکێک کە ناوی «میکایەلا» بوو نووسی «میکان» یەکی دی کە ناوی ئێریک بوو نووسی «مێتبەری»، بەڵام یوناتان نووسی یوناتان.

هەموویان ناوی خۆیان نووسی، تەنیا کوڕێک نەبێ؛ ئەویش مامۆستاکە یارمەتی کرد.

کەچی ئەودەمە کە هەستیان بە خۆشی کلاس کرد، کاتی قوتابخانە تەواه بوو؛ دەبوو بڕۆنەوە بۆماڵ.






ئێوارە «دانێ» و باوکی بەو بۆنەوە کردیان بە جەژن

خانەوادەی دانێ لە باوکی و خۆی و پشیلەکەیان پێک هاتبوو.

پشیلەکە وای هەست دەکا کە «دانێ» گەورە بووە. چونکە دەستی بە خوێندن کردووە.

دیارە چوونە قوتابخانە هیچ ترسێکی نییە. تەنیا ئەوەیە تۆزێک دڵەکوتەی هەیە. دەنا زۆریش شادی بەخشە.

بەڵام «دانێ» هێشتا هیچ کەس نەبوەتە دۆستی.

# بەشی ٤

ڕۆژی دوایی «دانیّ» لە حەوشەی قووتابخانە وێستابوو. هەموو کاتی پشوودان ئەو هەر بە بەتیایی دەوێستا و یڕوان



لە پشوودانی دووەمەدا هاوپۆلێکی کە ئەویش بە تەنا وێستا بوو، دەیڕوانی.





وارێکەوت هەردووکیان تەماشای یەکیان دەکرد.
«دانی»وێرای، چووە پێشێ و پرسیاری کرد «دەتەوێ جۆلانێ بکەین؟»





هەموو زەنگی پشوودانێک، پێکەوە جۆلانەیان دەکرد.

کاتی قووتابخانە تەواو بوو،ئەوان نەیاندەویست واز بێنن.

درێژەی هەیە ...